**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2)ی ڕۆژی 2009/3/25 یدا ئەم یاسایەی دەرچواند:-

## یاسای ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2009
## یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە ( 1 )ی ساڵی 1992ی هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: (پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق) شوێنی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق), دەگرێتەوە کە لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا هاتووە.

دووەم: گشت ئەو زاراوەو دەستەواژانەی لەم یاسایەو ئەو یاسایانەدا هاتوون کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێ, هەموار دەکرێن بە جورێ کە رێك بکەوێ لەگەڵ ئەو هەموارکردنەی لەبڕگە (یەکەمی) سەرەوەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

مادەی چواردەم لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە.

**ماددەیسێیەم:**

بڕگەی (2) لە ماددەی (بیست ویەك) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

"2ـ شیاوی تەواو بێت (کامل الاهلیە) و بیست و پێنج ساڵی لە تەمەن تەواو کردبێت."

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (1) لە ماددەی (بیست و دوو ) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی ـ عیراق بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات کە ناوی پالێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستان- عیراق تیابێ, بەمەرجێ رێژەی ژن لە 30٪ کەمتر نەبێ وزنجیرەی ناوەکان بە جۆرێ رێك بخا ئەم رێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات, بەمەرجێ ژمارەی پالێوراوان لەهەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت."

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی (چل و شەشەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی لەماوەی (دە) رۆژدا دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بۆ بانگهێشت کردنی سازدەدا و لەکاتی دەرنەچوونی بانگهێشتەکە بۆی، ئەوا لە رۆژی دوای کۆتایی ئەم ماوەیە کۆدەبێتەوە.

**مادەی شەشەم:**

ماددەی (چل و نۆیەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێـتەوە:

**یەکەم:** پەرلەمان لەدانیشتنی یەکەمی دا وادەی دەورەکانی بەستنی دەست نیشان دەکات، بەمەرجێ سالآنە لە دوو دەورە کەمتر نەبێ.

**دووەم:** سەرۆکی پەرلەمان یان چەند ئەندامێك ژمارەیان لە سێیەکی ئەندامانی کەمتر نەبێ بۆیان هەیە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و کۆبوونەکە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بانگهێشتەکەدا دیار کراون.

**سێیەم:** سەرۆك بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات, لە کاتی پێویستدا.

**چوارەم:** ئەو خولەی بودجەی گشتی هەرێم دەخرێتە روو لە پەرلەمان تاکو پەسەند نەکرێت کۆتایی پێ نایەت.

**ماددەی حەفتەم:**

ماددەی هەژدەمی زێدەکراو بە سێیەم هەموارکردنی یاساکە هەمواردەکرێ ودەبێتە (ماددەی شازدە-دووبارە) وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی شەشەم ( دووبارە ):**

**یەکەم:** (کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆ بۆ هەلّبژاردنەکانی عیراقی شوێنی (دەستەی بالآ بۆ هەلّبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق) دەگرێتەوە, کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەلّبژاردنەکانی خولی هەلبژاردنی سیٚ یەمی پەرلەمان وبەرێوەبردنی، بەپێ ی برگەی (4)ی ماددەی(2) یاسای کۆمیسیۆنی بالآی هەلّبژاردن ژمارە (11)ی سالّی 2007.

**دووەم:** کۆمسیۆنی بالآ بۆی هەیە ئەو پەیرەوو رێنماییە تایبەتیانەی خۆی لەسەر هەلّبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق جێبەجێ بکا بەجۆرێ ناکۆك نەبن لەگەل حوکمەکانی لەم یاسایەدا هاتووە."

**سێیەم:** کۆمیسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەلّبژاردنەکان دەروانێتە ئەو ناکۆکی و نارەزاییانە کەلەکاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی رێکارەکانی هەلّبژاردنەکان روویانداوە.

**چوارەم:** دەستەیەکی دادوەری لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق پێکدێت لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو (غیر متفرغ) بۆ روانین لەو تانوتانەی کەبۆی رەوانە کراوە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان یاخود کەسەکان یان قەوارە زیان لێکەوتووەکان لەئەنجامی بڕیارەکانی کۆمیسیۆن و ئەو بڕیارانەشی بنبڕ دەبێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (سی وشەش/دووبارە):

" **ماددەی سی وشەشەم: ( دووبارە)**

**یەکەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ کلدان سریان ئاشووری کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتانە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**دووەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ تورکمان کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**سێیەم:** یەك کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**چوارەم:** دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باسکران پالێوراوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێرن."

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (پازدەم/دووبارە):

"**ماددەی پازدەم:** (دووبارە)

دەستەواژەی (توماری دەنگدەران) شوێنی دەستەواژەی (خشتەکانی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە لە هەر شوێنەکی ئەم یاسایەدا هاتبێت."

**ماددەی دەیەم:**

هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی نیشتەجێن لەدەرەوەیدا مافی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراقدا هەیە.

**ماددەی یازدەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانەکان و چاکسازییەکان و نەخۆشەکان و بەندکراوەکان لەبنکەکانی دەنگدانی تایبەت دەستەی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تایبەتمەند دەستنیشان دەکات بەمەرجی بەر چل و هەشت کاتژمێر لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی (2009/3/25)وە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عێراق**